ژوری توێژینەوەی سیاسی

بزوتنەوەی گۆڕان

# مەترسییەکانی ڕێککەوتنامەی نێوان

## حکومەتی هەرێم و کۆمپانیای گەڵف کی ستۆن پیترۆلیۆم لە کێڵگەی شێخان

ئامادەکردنی : ئەنوەر کەریم




ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان : گوشەی ئابوری

Tel: 009647481505010

Email: research.gorran@gmail.com

شوباتی ٢٠١٨

**سەرەتا**


بەپێی (ژمارە هەواڵی 0226C;) بۆرسەی لەندەن کە لە ٢٠١٨/١/١٦ بڵاوکراوەتەوە، ڕێککەوتنێک لە نێوان حکومەتی هەرێم و کۆمپانیای (گەڵف کی ستۆن پترۆلیۆم- Gulf Keystone Petroleum) واژۆ کراوە سەبارەت بە فرۆشتنی نەوت لە کێڵگەکانی نەوتی شێخان.

ئەمە دوایین ڕێککەوتنی مەترسیداری حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کە لەگەڵ کۆمپانیای وەبەرهێنەر (گەڵف کی ستۆن پترۆلیۆم) واژۆی کردوە. بە پێی ڕێککەوتنەکە بۆ هەموو بەرمیلێک نەوت کە لە کێڵگەی شێخان دەردەهێنرێت بڕی ٢٢ دۆلار داشکاندن دەکات بۆ کۆمپانیای وەبەرهێنەر بۆ یەک بەرمیل نەوت، بەپێی تێکرای نرخی ڕۆژانەی نەوتی برێنت، واتە تێکرای نرخی نەوتی برێنت دەکرێت بە پێوەر. ئەمە سەرەڕای لە ئەستۆگرتنی تێچوی گواستنەوەی نەوت لە کێڵگەی شێخانەوە بە تانکەر بۆ فیشخابور کە لەوێشەوە دەکرێتە ناو بۆری کوردستان و ڕەوانەی بەندەری جیهانی تورکی دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا تێچوی دەرهێنانی نەوتی کێڵگەکانی شێخان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دەدرێت بە کۆمپانیاکە.

کۆمپانیای (گەڵف کی ستۆن پترۆلیۆم) ڕۆژانە (٤٠٠٠٠) چل هەزار بەرمیل نەوت لە کێلگەکانی شێخان دەردەهینێت. ئەم ڕێککەوتنە لە ٢٠١٧/١٠/١ تا ٢٠١٨/١٢/٣١ کاری پێدەکرێت، ئەمە لە کاتێکدایە حکومەتی هەرێم ئەم ڕێککەوتنەی ڕانەگەیاندووە، تەنها کۆمپانیەکە هەواڵەکەی بۆ خاوەن پشکەکانی کۆمپانیاکە بڵاوکردۆتەوە لە بۆرسەی لەندەن.

لێرەدا گومانە گەورەکە ئەوەیە بۆچی هەواڵی ئەم ڕێککەوتنە گرنگە دوای ٧٦ ڕۆژ بڵاودەکرێتەوە ئەویش تەنها لەلایەن کۆمپانیاکەوە، بۆیە پێویستی بە لێکۆڵینەوەو بەدواداچونی پەرلەمانی کوردستان هەیە.

لەم ڕاپۆرتەدا نرخی نەوتی برێنت لە مانگی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠١٨ کراوە بە پێوەر کە بەرزترین نرخی تۆمار کردەوە لە ماوەی ٣ ساڵی ڕابوردودا.




کێڵگە نەوتیەکانی کۆمپانیای گەڵف کی ستۆن پترۆلیۆم

(کێڵگەی شێخان) بەدیاریکراوی

- تێکڕای نرخی نەوتی برێنت لە مانگی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠١٨ لە بازاڕەکانی جیهاندا ٦٨ دۆلار بووە بۆ هەر بەرمیلێک.
- کەواتە حکومەتی هەرێم بۆ هەر بەرمیلێک نەوتی شێخانی لە سەر کێڵگەکە فرۆشتووە بە (٤٦) دۆلار، چونکە بەپێی ڕێککەوتنەکە (٢٢) دۆلار داشکاندن بۆ کۆمپانیاکە کراوە.

لەلایەکی دیکەوە تێچوی گواستنەوەی نەوت لە کێڵگەکەوە بۆ فیشخابور بە ڕێگای تانکەرو لەوێشەوە بەبۆری کوردستاندا بۆ بەندەری جەیهان دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمە جگە لە پێدانی باج و تێچوی عەمبارکردنی لە خاکی تورکیادا، بەم پێیەش بۆ هەر بەرمیلێک نەوت پێویستە حکومەتی هەرێم بڕی (٤) دۆلار خەرج بکات بۆ گواستنەوەکەی نەوتەکە.

- کەواتە (٦٨) نرخی نەوت – (٢٢) داشکاندن – (٤) تێچووی گواستنەوە = ٤٢ دۆلار/ بەرمیل.

کرێی تێچوی دەرهێنانی نەوت لە کێڵگەکانی شێخان لەسەر هەرێمی کوردستان مانگانە بڕی (١٥) ملێون دۆلار دەکەوێت، کە ئەم بڕە پارەیە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان مانگانە دەیدات بە کۆمپانیای گەڵف کی ستۆن پترۆلیۆم.

- کۆمپانیاکە ڕۆژانە (٤٠٠٠٠) بەرمیل نەوت دەردەهێنێت.
- کەواتە بۆ (١) مانگ = (٤٠٠٠٠) بەرمیل × (٣٠) ڕۆژ = (١٢٠٠٠٠٠) یەک ملیۆن و دوو سەد هەزار بەرمیل / مانگ
- کەواتە تێچوی ١ بەرمیل = (١٥٠٠٠٠٠٠) ÷ (١٢٠٠٠٠٠) = (١٢,٥) دۆلار کرێی تێچووی دەرهێنان بۆ هەر بەرمیلێک

دەبێت ئەوەش بڵێین بڕی (١٢,٥) دۆلار بۆ یەک بەرمیل زۆر گەورەیە تەنها لە شوێنێکی وەک کوردستان ئەو پارەیەی تێدەچێت.

- کەواتە (٤٢) – (١٢,٥) = (٢٩,٥) دۆلار / بەرمیل

ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتیەکان دەڵێت نەوتی کوردستان بە (٨) دۆلار کەمتر لە نرخی نەوتی برێنت لە بازارەکانی جیهاندا دەفرۆشرێت.

- کەواتە ئەو بڕە پارەیەی تا ئێرە دەمێنێتەوە بۆ یەک بەرمیل = (٢٩,٥)- (٨) = (٢١,٥) دۆلار

ئەوەش دەزانین هەرێمی کوردستان قەرزاری کۆمپانیای نەوتی (گەڵف کی ستۆن) و کۆمپانیا کرِیارەکانی نەوتی کوردستانە. ئەگەر بۆ هەر بەرمیلێک (٢) دۆلار بڕوات بۆ دانەوەی قەرزی کۆمپانیای (گەڵف کی ستۆن پترۆلیۆم) و قەرز و ڕێژەی سوودی قەرزی کۆمپانیا کرِیارەکانی نەوتی کوردستان (١٠%) وە دەست پێدەکات و دەچێت بۆ سوودی(Amortizing Loan) واتە (سوود لەسەر سوود) کە لە دوای ٣٦ مانگەوە دەست پێدەکات.


- کەواتە = (٢١,٥) – (٢) = (١٩,٥) دۆلار / بەرمیل دەمێنێتەوە
- کەواتە کەنەوتی برێنت ٦٨ دۆلارە لەبازاڕی جیهاندا ، هەریمی کوردستان بە ١٩,٥ دۆلار دەیفرۆشیت.
- کێڵگەی شێخان (١٢٠٠٠٠٠) یەک ملێۆن دوو سەد هەزار بەرمیل نەوت لە یەک مانگانەدا وەبەردەهێنێت.
- کەواتە کۆی داهاتی نەوتی هەرێم بۆ یەک مانگ لە کێڵگەی شێخان = (١٢٠٠٠٠٠) × (١٩,٥) = (٢٣٤٠٠٠٠٠) بیست و سێ ملیۆن و چوار سەد هەزار دۆلار بۆ یەک مانگ دەمێنێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ئەگەر نرخی نەوت بەرزتر بێتەوە ئەوا ئەم ژمارەیە بەرزتر دەبێتەوەو بەپێچەوانەشەوە ڕاستە، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت بەسەر گرفتەکاندا زاڵبێت، چونکە بەشی هەرە زۆری داهاتی نەوت دەڕوات بۆ کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی نەوت، ئەویش بەهۆی خراپی جۆری گرێبەستەکان کە حکومەتی هەرێم واژۆی کردوە.

بە بڕوای ئێمە داشکاندنی (٢٢) دۆلار لە هەر بەرمیلێک نەوت بۆ کۆمپانیای (گەڵف کی ستۆن پترۆلیۆم) لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە بەبێ بوونی پاساوێکی ڕوون و

قەناعەتپێکەر هیچ خوێندنەوەیەکی دیکە هەڵناگرێت، جگە لە رێککەوتنی ژێربەژێر و ناڕوون. چونکە تەنها پاساوی حکومەتی هەرێم قورسی جۆری نەوتەکەیە، ئەمەش پاساوێکی لاوازەو لە هیچ شوێنێکی دنیا داشکاندنی لەم جۆرە بەدی ناکرێت. لێرەدا ئەوەی جێگەی پرسیارە، ئەگەر جۆری نەوتەکە قورسە، بۆچی لەرێگەی بۆری نەوتی کوردستانەوە دەگوازرێتەوە کە تایبەتە بە گواستنەوەی نەوتی خاو و تێکەڵ بە نەوتی سوک دەکرێت؟.

بۆیە لەم سۆنگەیەوە هیچ ڕێگەچارەیەک نەماوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، تەنها دەرهێنانی مەلەفی نەوتە لەژێر دەستی بەرپرسانی (پارتی و یەکێتی) سپاردنیان بە دامەزراوەیەکی نیشتیمانی. یان ئەوەتا کێلگە نەوتیەکان رادەستی دەسەڵاتی مەرکەزی بکرێتەوە، بۆ ئەوەی جارێکی تر پێداچونەوە بە گرێبەستەکاندا بکرێتەوەو ڕێگە بگیرێت لە بەهەدەردانی داهاتو سامانی هەرێمی کوردستان.




کێڵگەی نەوتی شێخان

## ئەنجام

ئەم رێککەوتنە یەکێکە لە رێکەوتنە نا شەفافو گەندەڵو خراپەکانی تری حکومەتی هەرێم. باشترین بەڵگەش ئەوەیە، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لە پەیجی فەرمی خۆیاندا بڵاویان نەکردۆتەوە.

بەڵگەیەکی تر لەکاتی بڵاوکردنەوەی ئەم هەواڵە، لە بۆرسەی لە ندەندا پشکەکانی کۆمپانیاکەی بەرز نەکردوەتەوە، چونکە لە ئێستادا هەرێمی کوردستان بە هەرێمێکی گەندەڵ ناسراوە، کۆمپانیاکانی کە کاردەکەن لە کوردستان بە گەندەڵ دادەنرێن، چونکە وەبەرهێنەرە بیانیەکان خواستیان نیە لەسەر کڕینی پشکەکانی کۆمپانیاکە ئەگەر بەشێوەیەکی ماتماتیکی لێکی بدەینەوە دەبینی داهاتی کۆمپانیەکە زۆر زۆر زیاتر دەبێت. چونکە ڕۆژی ٤٠٠٠٠ بەرمیل نەوت دەردەهێنێتلە کێڵگەکانی شێخان. کەواتە داهاتی زیادە لە یەک رۆژدا =٤٠٠٠٠×٢٢=٨٨٠٠٠٠ دۆلار.

یەک ساڵ = ٣٦٥رۆژ.

داهاتی زیادە بۆ یەک ساڵ = ٣٦٥×٨٨٠٠٠٠=٣٢١٢٠٠٠٠٠ سێسەدو بیست و یەک ملێۆن و دووسەد هەزار دۆلار بۆ کۆمپانیەکە.

## سەرچاوەکان


١. ويكليكس يكشف تفاصيل صفقة سرية بين اقليم كردستان وانقرة .. اربيل تبيع ابار النفط لاطفاء ديونها، على الموقع الالكتروني:

http://sumer.news/ar/news/15427/%D9%88%D9%8A%D9%83%D9%84%D9%8A%D9%83%D8%B3....

2. **Shaikan Crude Oil Sales Agreement Signed, at the site:**

http://www.lse.co.uk/share-regulatory-news.asp?shareprice=GKP&ArticleCode=zuox69vv&ArticleHeadline=Shaikan_Crude_Oil_Sales_Agreement_Signed

3. **Shaikan Payment Update, at the site:**

http://www.lse.co.uk/share-regulatory-news.asp?shareprice=GKP&ArticleCode=drcovko4&ArticleHeadline=Shaikan_Payment_Update

4. **Kurdistan Region of Iraq, at the site:**

http://www.gulfkeystone.com/operations/shaikan

5. **Iraq: Gulf Keystone Petroleum updates Shaikan Block operations, at the site:**

https://www.energy-pedia.com/news/iraq/gulf-keystone-petroleum-updates-shaikan-block-operations

6. **Gulf Keystone Petroleum Plc , at the site:**

https://www.fatprophets.com/Member%20Area/Product%20Landing/Report%20List/Report%20Page/Article%20Page.aspx....